سودانی پشوازی لەو منداڵە عێراقیانە دەکات کە پلەی پێشینگیان بەدەستهێناوە لە پاڵەوانێتی جیهانی بە ژمێریاری زێینی خێرا

سەرکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، بەیانی ئەمڕۆ سەشەممە پشوازی کرد لە ژمارەیەک منداڵی عێراقی لە ناوەندی گشپەدانی داهێنەرانی عێراق و خەزانەکانیان و بەرپرسانی ناوەندەکە کە پلەی پێشینگیان بەدەستهێنا لە پاڵەوانێتی جیهانی ژمێریاری زێینی خێرا کە لە 2023 لە مەمبای بەڕۆوچوو .

نوسینگەی راگەیاندنی سەرک وەزیران لە راگەیەندراوەکدا باویکردەوە: ئاماژەی بۆ کرد، ئەوەی منداڵانی عێراقی لەم کۆبوونەوە جیهانییەدا بەدەستیان هێناوە مایەی سەربەرزی و شانازییە و خاڵێکی دەستپێکە بۆ پشتگیریکردنی سەرکەوتن و وخاوەن وزە و بەهرە جیاوازەکان، جگە لەوەش بەشداریکردن لە بەرزکردنەوەی ناوی عێراق لە سەر ئاستی جیهاندا ناسنامەی نەتەوەیی بەهێز دەکات.

هەروەها سودانی ئاماژەی بۆەش کرد کە هەوڵەکان بۆ پەرەپێدانی بەهرەکان شایەنی ستایش و پێزانینە و ئەمە باوەڕمان وایە کە ناوەندەکە لە ڕێگەی هەوڵەکانی خێرەوە ڕێگایەکی جیاوازی بۆ خەڵی داناوە لە ئاشکراکردنی ئەو بەهرە و توانایانەی کە داهێنەران لە داهاتوودا هەیدێگرن، بۆ ئەوەی لە

ئایندەیەکی نزیکدا ببنە زانا و جیاواز لە هاووی جەراوجێرەوە.

سەرۆک وەزیران جەختی لەوە کردەوە کە حکومەت لە پشتیوانیکردنی ئەم خاوەن بەهرانە دواناکەوێت و پێویستە لەسەرمان هەموو ئامرازەکانی هاوکاری پێشکەش بکەین و بەردەوام بین لە سەرخستن و بەردەوامکردنی ناوەندەکە، هەروەها ساماني پاستقینە لە سەرمایەی مرۆیی و وەبەرهێنان لە مرۆڤدایە، چونکە ئەمە وەک سەرمایەیەکی پاستقینە مامەڵە لەگەڵ بەهرەکاندا دەکەین و نەخشاندنی داهاتووی عێراق پشت بە ئەوان دەبەستێت.

سودانی باسی لەوەش کرد کە ئەمە بەردەوام پێویستمان بە نوێکردنەوەی زیاتر هەیە لە پڕۆگرامەکاندا، سەرەڕای تێبینیەکانمان لەسەر ئاستی قوتابخانەکان، بەڵام ئەوان بە متمانەوە هەنگاو دەنێن بە لەخۆگرتنی بەهرەکان و هەڵبژاردەیەک لە پاڵەوانان و بەهرەمەندانمان پێشکەش دەکەن کە سەرکەوتوون لە سەر ئاستی جیهاندا، ئەوان باشترین یارمەتیدەر دەبن بە بنیاتنانی وڵاتەکەیان.

لە کۆتایی قسەکانیدا سودانی جەختی لەوە کردەوە کە ئەرکی حکومەت تەنها پشتیوانیکردن و هاندان نییە، بەڵکو دەبێت ئەو پێشنیارانە لەبەرچاو بگرێت کە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ئاستەکان و کاریگەری ئەو ناوەندانە بە شێوەیەک بێت هاوتا بە وەبەرهێنانی تواناکان و بەرەوپێشبردنی ئاستی وڵات بدات.

هەروەها سەرۆک وەزیران گوێی لە منداڵە براوەکان گرت و باسیان لە ئەزموونەکەیان کرد و سوپاسی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانیان کرد بە چاوپێکەوتنەکەی لە گەڵیاندا و پێزانینی بە دەستکەوتەکەیان.